# پیاسەیەک لەگەڵ مانگ

ئەلفرێد دو موسێ
لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر



لە شەوێکی تاریک بوو
مانگ لەسەر زەنگی زەردهەڵگەڕاو
وەک نوختەیەک بوو لەسەر (i)

چ گیانێکی ڕەشە
لە دوورەوە، لەناو تارمایی
ڕوخسار و پرۆفیلت دەجووڵێنێتەوە؟

چ فریشتەیەکی
بە تیلی چاو لەژێر ماسکی ژاکاوت
سەیرمان ئەکەی؟

تۆ هەر ئەو جاڵجاڵۆکە
بێ دەست و پایە نیت
وەک گۆیەک غلۆر ئەبیتەوە؟

گومانم هەیە، تۆ
میناى ئاسنی سەعات بی
وەختی
ناردنی سزادراوان بە دۆزەخ ڕابگەیەنی؟

ئایا ژماردوویانە،
ئەم ئێوارەیە،
تەمەنی ئەبەدییان چەندە
لەسەر هەنیەی گەڕۆکت؟

دەڵێی کرمێکت هەیە ئەتکرۆژێ
لەمانگی پڕەوە، ڕەش هەڵدەگەڕێی
دەبیتە مانگی یەک شەوە؟
کێ چاوەکانتی کوێر کردووە،
ئەو شەوە،
خۆت بەهیچ درەختێکی بڵندی پۆپە تیژ داداوە؟

ڕەنگ سیس و خەمبار
بەناو پەرژینی ئاسنین تێئەپەڕی
تا قۆچت لە،
میناى پەنجەرەکان بسووی!

بڕۆ مانگی لەگیانەڵا
لەشی «فێبێ»ی(١) جوان و قژ ئاڵتوونی
کەوتە ناو دەریا.

تۆ تەنیا ڕوخساری فێبێ –ی،
دەمێکە ڕوخساری لۆچ تێکەوتووت،
نەماوە.

ئەی مانگ، لە یاداشتمان،
هەردەم مێژوو ئەتڕازێنێتەوە،
بە چیرۆکی خۆشەویستییە جوانەکان.

لاویی تۆ ئەبەدییە
ئەگەر یەک شەوە بێ یان پڕ.
هەر بە پیرۆزی ئەمێنیتەوە

تەنیا پیرە شوان ئەمێنێتەوە
تۆی خۆشبوێ
لەکاتێکدا سەگەکانی
بەهەنیەی ڕەنگ سیست ئەوەڕن.

دەریاوان
بەخۆی و کەشتییە مەزنەکەی
کە لەژێر ئاسمانی شین ئەڕوا
تۆی خۆش ئەوێ.

کچۆڵە زراڤەکەش،
کە کێڵگەی گەنم،
بە هەنگاوی نەرم ئەبڕێ،
وێڕای گۆرانی چڕین،
تۆی خۆش ئەوێ.

ئەگەر بای بێ و ئەگەر بەفر،
من چی ئەکەم هەموو ئێوارەیەک،
دێم لێرە دائەنیشم؟

شەو، دێم بۆ بینینی
مانگ
کە لە سەرەوەی زەنگی زەرد هەڵگەڕاو
وەک نوختەیەکە لەسەر (i)

**پەراوێز:**

(١) فێبێ– Phebe: هەندێ جاریش پێی دەگوترێ دیان– Diane، واتە خوداوەندی ڕاو و مانگ لەلای میللەتانی لاتین. کەسایەتییەکی میتۆلۆژی (أسطوری) و شیعرییە. فێبێ خوشکی فێبوس–ە– Phebus، ئەمەش لەلای لاتینییەکان خوداوەندی ڕۆژ و شیعرە، لەلای یۆنانییەکان پێی دەگوترێ: ئەپۆلۆ– Apollo، لەکۆندا لەناو میللەتانی لاتین، یەکێک زمان و ئایدیا ڕەوان و جوان بوایە، دەیانگوت فێبوسی لەپشتە.

– ئەلفرێد دو موسێ– AIFRED DU MUSSET، بەیەکێ لە شاعیرە ڕۆمانتیکە نایابەکانی ئەدەبی فرەنسایی و ڕۆژئاوایی دادەنرێ. قەسیدەکانی بەوە ناسراون کە زۆر ڕۆمانسین– Outrance Romantique. ئەمەش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری دو موسێ–یە. شاعیر ساڵی ١٨١٠ لەپاریس لەدایک بووە، لە ١٨٥٧/٥/٢ هەر لەپاریس کۆچی دوایی کردووە.

**سەرچاوەی شیعرەکان:**

- Andre LAGARDE, L.Michard, XIX siecle. Bordas. 1973.